# یاسای دابڕکردنی بەڕێوەبەرییەکانی بەرگری شارستانی لە وەزارەتی ناوخۆ

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٤**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٠٠/١١/١٢**

**«بڕیار»**

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٤)ی ڕۆژی (٢٠٠٠/١١/١٢)یدا بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لەیاسای ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢) ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای
## ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٠)
## یاسای
## دابڕکردنی بەڕێوەبەرییەکانی بەرگری شارستانی لە وەزارەتی ناوخۆ

**ماددەی یەکەم:**

دابڕینی بەڕێوەبەرییەکانی بەرگریی شارستانیی هەموو پارێزگاکانی هەرێم بە هەموو میلاک وئوتومبیل و ئالیات و جیهازو موڵک ومەرکەزی ئاگر کوژاندنەوەیانەوە لەوەزارەتی ناوخۆو، بەستنەوەیان بە وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزارەوە لەڕووی لایەنی فرمانی وهونەرییەوە.

**ماددەی دووەم:**

پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە هەمان روتبەو پلەی ئێستای فرمانەکەی خۆی دەبێت و یاسای ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٧٨ ی خزمەت گوزاری وخانەنشینیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی بەسەردا دەخرێتە کار.

**ماددەی سێیەم:**

لایەنی دامەزراندن و ترقیە وخانەنشینی ودەست لەکار هەڵگرتنی کەسانی سەر بەهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەبەڕێوەبەرییەکانی بەرگری شارستانیدا، لەوەزارەتی ناوخۆ دەمێنێتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

هەمان ئەو دەسەڵاتەی کە بەپێی یاسای سزا سەربازییەکانی ژمارە (١٣)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٤٠ ویاسای ئوسوڵی دادگایی سەربازیی ژمارە (٤٤)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٤١ بە وەزیری ناوخۆ دراوە، بە وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار دەدرێ بۆ سزا دان و بەدادگادانی ئەوانەی لەبەڕێوەبەرییەکانی بەرگریی شارستانیدا سەر بەهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆن.

**ماددەی پێنجەم:**

هەر دەقێک پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێ کاری پێ ناکرێ.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە وەزارەتە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی وقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**